# نامەی سێهەم: حەق ئەسێندرێت، نادرێت

**مستەفای حەسەنە گەورە**



دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس، بەڕێز مام جەلال، لە چاو پێکەوتنێکی ڕۆژنامەوانیدا لە بەغدا ڕیگەیاند سەردەمی بەعس کە سەردەمی ناحەقی بوو بەرامبەر کۆمەلانی خەڵکی عێراق بەسەر چوو، ئێستا سەردەمی حەقە ئەوانەی ناحەقیان لەگەڵ کراوە دەبێ حەقەکانیان وەرگرنەوە.

لە مێژووی هەموو شۆڕشەکانی جیهانیشدا ئەوە بینراوە و بیستراوە کە لەگەڵ ڕوخانی ڕژێمە ئیستیبدادی و داگیرکەرەکاندا، ئەوانەی کەلەبەرەی دوژمن و دژ بە خەڵکی بوون ڕیسوا کراون و ئەگەر ئیعدامی شۆڕشگێڕانەش نەکرابن ئەوا کێش کراون بۆ دادگا یان شاربەدەر کراون وەك نزیکترین نمونە کە شۆڕشی ڕزگاریخوازی جەزائیر بوو. پاش سەرکەوتنی ئەو شۆڕشە ئەوانەی کە جاشی فەڕەنسای ئیستیعمار بوون خەڵکی ئازادیخوازی جەزائیر ڕازی نەبوون ئەو جاشانە وەك هاووڵاتی قبوڵ بکەن و ناچار دەوڵەتی فەڕەنسا ئەو جاشانەی لەگەڵ کشانەوەی هێزە سەربازەکانیا گواستەوە بۆ ناو فەڕەنسا. ئەمە هەڵوێستی خەڵکی ئازادیخوازی جەزائیر بوو کەچی لێرە مەسەلەکە تەواو پێچەوانەیە، لەم ڕۆژانەدا ڕۆژنامەیەك سکالای ژنێکی بلاو کردەوە کە مێردەکەی ئەنفال کراوە کەچی کوڕەکەی ناچار بووە نامەی سەرۆك جاشێك بەرێت بۆ ئەوەی تەعین بکرێت و پارەو نانێکیان دەست بکەوێت و بەبرسیەتی نەمێننەوە!

ئەگەر ئەمڕۆ دەوڵەتی مەرکەزی و دەوڵەتی هەرێم، هەروەها بەڕێز مام جەلالیش پابەندی ئەو ڕاگەیاندنە بوونایە کە خۆی لەسەرەتای ڕوخانی ڕژێمی بەعسدا ڕایگەیاند، ئەوا ئەبوا ئەم جاشانەی دەستیان سورە بەخوێنی خەڵکی ئازادی خوازی کوردستان بگوازرانایەوە ناو ئەو قەفەسانەوە کە ئێستا خاوەن جاشەکان تیا دادگایی ئەکرێن لە بەغدا.
ئایە ئەبێ وەرگرتنەوەی حەق بەپێی ڕاگەیاندنەکەی سەرەوەی بەڕێز مام جەلال بۆ منێك کە ناحەقی بەرامبەرم کراوە چی بێت؟ ئەگەر لانی کەم کێش کردنی ئەو خوێنڕێژانە نەبێت بۆ دادگا.
مێژووی هەموو گەلانی دنیا و چینە چەوساوەکان ئەوەی سەلماندوە کە حەق نە ئەدرێت و نە وەرئەگیرێتەوە، بەڵکو حەق ئەسەندرێت. ئەگەر خەڵکی کوردستان چاوەڕێی ئەوەبن حەقەکانیان پێ بدرێتەوە، ئەوا نەك هەر لەوە زیاتر قیسمەت و نسیبیان نابێ کە ئێستا هەیانە بەڵکو ئەوەش کەهەیە لێی کەل و کەچ ئەکرێت.

ئەی خەڵکی ئازادی خواز، ئەی ئەوانەی کە ئەزیزانتان بەدەستی ئەم جاشە خوێن ڕێژانە لەدەست داوە با جەسورانە بێینە پێشەوە بۆ سەندنەوەی حەقەکانمان و ئەم سەردەمە بکەینە سەردەمی حەق سەندنەوە.
شێرکۆ بێکەس لە شێعرێکدا کە بۆ شەهید ئیسماعیل موعینی نووسیویەتی ئەڵێ:
" ئەی تفەنگکەی موعینی ... تۆ ئەوکاتە لە پیاوکوژانت خۆش ببە..... ئەگەر توانیان موعینیت بۆ بهێننەوە و بتکاتە شان."

********** ********* *********

**لێرەدا بەشێکی تر لە ناوی ئەو قوربانیانە بڵاو ئەکەمەوە کە بەدەستی ( هەباسی بایزی باڵواغا) یان لەڕێگەی ئەو کۆنە سەرۆك جاشەوە گیانیان لەدەست داوە:**

## لیستی ژمارە دوو

| زنجیره | ناو | پیشه | بەرواری کوژران | شوێنی کوژران | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|
| 26 | خدر حمدامین مەلازادە | پێشمەرگەی (ی.ن.ك) | | بەستەستێن | |
| 27 | ئەنوەر ئیبراهیم خدر | سەنگەسەر | | هیئەکرکوك | گیرا و درایە دەست ڕژێم |
| 28 | بابکر حمە مستەفا | | | | |
| 29 | خدر مستەفا حمد | | | | |
| 30 | نەجم قادر حسن | | | | |
| 31 | خدر بادینی | | | | |
| 32 | خدر حاجی محمد | | | | |
| 33 | فەرخە عبدللە فەرخە | | | | لە ژمارە 33 وە تا ژمارە 44 واتا ئەم دوانزە قوربانیە، خزم و کەسوکارەکانیان لە مەرکەز شورتەی سلێمانی دەعوای قانونیان لەسەر ئەم تاوانبارە قەید کردوە و چاوەڕێی ئیجرائاتی قانوونی دەکەن کە ئەم سەرۆك جاشە بدرێتە دادگا. |
| 34 | ڕەسوڵ خدر کامەلا | | | | |
| 35 | خدر نەبی احمد | | | | |
| 36 | عزیز نەبی احمد | | | | |
| 37 | حمە احمد خدر | | | | |
| 38 | محمود رسول حمد | | | | |
| 39 | حاجی پیرۆت حمد | | | | |
| 40 | ڕەسوڵ سلێمان مینە | | | | |
| 41 | وەتمان قادر حمە | | | | |
| 42 | ڕەمەزان سورە ڕەمەزان | | | | |
| 43 | حاجی سلێمان مینە | | | | |
| 44 | محمود مستەفا حسین | | | | |

**تێبینی: ئەوەی شایەنی باسە ناوچەی پشدەر ناوچەیەکی سەرسنورە لە گەڵ ئێران و نزیك سنورەکانی تورکیاشە. ئەم خۆفرۆشە نەك هەر لای ڕژێمی بەعس بەڵکو لە ڕێگەی دەزگا جاسوسیەکانی ڕژێمی ئێران (ئیتلاعات) و ( میت) ی تورکیشەوە خزمەتی خۆی بەدژی خەڵکی ئازادی خواز و زەحمەتکێش ئەنجام داوە. ئەم خۆفرۆشە لە ساڵی 1987 وە لە کاتی شەڕی ئێران–عێراقدا بنکەی خوێنڕێژی و پیاوکوژییەکانی خۆی گواستەوە ژێر سایەی جمهوری ئیسلامی ئێران و لە شاری (خانە) ی ئێران دادەنیشت. لە نامەکانی داهاتوودا لیستێکی تر لە و قوربانیانە بڵاو ئەکەینەوە کە لە ڕێگەی ئەم خۆفرۆشەوە گیانیان لەدەستداوە. لەوانە:**

1– **ناوی چەند پێشمەرگەیەکی پەکەکە کە گیراون و دراونەتەوە دەست تورکیا.**

2- لەشەڕی ناوخۆی کوردستاندا لە ساڵی 1995 چۆن لە ژێر چاودێری ڕاستەوخۆی ئەودا تۆپبارانی شاری (قەڵادزێ) ی کرد و تەنها لە ژێر زەمینێکدا 28 کەس کە زووربەیان ژن و مناڵ بوون بوونە قوربانی.
3- قوربانی کردنی چەند هاوولاتی و ئازادی خوازی کوردستانی ئێران.

**مستەفای حەسەنە گەورە** 2006-10/29

## بۆ خوێندنەوەی نامەکانی تر :

## نامەی یەکەم

## نامەی دووەم